ئەمیندارى گشتى یەکگرتوو و ئەمیندارى گشتى پرۆژەى نیشتمانى عێراق کۆبوونەوە

ئەمیندارى گشتى یەکگرتوو و ئەمیندارى گشتى پرۆژەى نیشتمانى عێراق کۆبوونەوە.

ئەمڕۆ سەشەممە (24ـى تشرینى یەکەمى 2023) سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمیندارى گشتى یەکگرتووى ئیسلامى کوردستان بەیاوەرى شاندێکى ئەنجومەنى جێبەجێکردن و سەرکردایەتى حیزبەکە پێشوازى لە جەمال ئەلزارى ئەمیندارى گشتى پرۆژەى نیشتمانى عێراقى و شاندێکى یاوەرى کرد".

بەپێى نوسینگەى راگەیاندنى ئەمیندارى گشتى یەکگرتوو، لە دیدارەکەدا بارودۆخى ناوخۆى عێراق و گەلانکاریەکانى ئەم دواییەى ناوچەکە گفتوگۆى لەسەر کرا، هەروەها هەردوولا خوێندنەوەى پێشهاتەکانى ناوچەکەیان تاوتوێکرد و ئەم دیدار و پێوەندیانەیان بە پێویست زانى بۆ دروستکردنى پردى تێگەیشتن و ئاشتى و ئارامى لە ناوچەکە.